**له یادی تاوانی هەڵەبجەدا:**

**داوای لێبوردن کردن ئەرکی حیزبە بەشداربووەکانی ویرانکردنی شارەکەیە**

عەلی مەحمود محەمەد

له دیمانەیەکدا تاریق عەزیز دەیگێڕێتەوە" تاڵەبانی بە سەدامی وت دەتبەمە لاهای, سەدامیش لە وەڵامدا وتی بڕۆ لای خوا حەقتان بستێنن", گەلی کوردیش بە دەست سەرکردە سیاسیەکانیەوە تەنها دەرگای خوایان بە دەستەوە ماوە بۆ سکاڵا کردن و قەرەبوکردنەوەی ستەمەکانیان, ئەویش تەنها تەسکییەی دڵە, دەرگای دادگا لە رویان داخراوە, بۆ دەرخستنی حەقیقەتی تاوانەکان و چارەنووسی خۆشەویستەکانیان و رزگار نەبوونی تاوانباران لە سزا, ستەمکاران مێژوو چۆن بە قازانجیانە ئاواشی دەنووسنەوە, سەیری بیرەوەریەکانیان بکەن, خاڵییە لە هەڵەو تاوان و داوای لێبوردن کردن, دەڵێی مەسیحێکی ئەفسوناوین سیاسیەتیان کردووە, هەمیشە لا رومەتی چەپیان بۆ زلە ئامادەکراوە, دەڵێی رۆستەمێکن لە هەموو جەنگەکان بە بازوی ئەوان سەرکەوتن تۆمارکراوە, دەڵێی ماندیلا و هۆشیمنە و گاندی و لینین و مارکس ... هاوکات هەمووی لەواندا کۆبۆتەوە, هەموو دانا, زانا, مرۆڤ دۆست, یاسا دۆست, زاهید, گیرفان خاڵی,پیشکەوتنخواز و پاڵەوان و ژینگە پەرست, ...... هتد.

ئێمە ئەوە چاك دەزانین وەك چیرۆکی فرانکنشتاین لە جیاتی سەرکردە بۆ رزگاری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی, دێوە زمەمان بۆ مەرگ و برسێتی بەرهەم هێناوە, گۆڕانکارییە جیهانیەکان نەبوایە, ناوچەکە فڕێ نەدرایەتە ناو روداوە گەرمەکانەوە, ئێستا لە دوای سفرەوە دەبوین ئەگەر چاوەڕوانی بەرهەمی ئەوانمان بکردبایا, گەل لەژێر دەستی سەدام و ئەوانیش لە کەرەج و سەقزو نەغەدە خەریکی قاچاخچێتی و پینەدۆزی و سێۆ رنین خۆیان بوون, لە زۆر بۆنەو کاتدا داوا دەکەین وڵاتان لە پێشیانەوە عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە کورد بکات لە بەرامبەر تاوانەکانی کە لە رابردوودا سەدام حوسێن و ئەوانی دی ئەنجامیان داوە بەرامبەری, داوا دەکەین تاوانباران دادگایی بکرێن ......, داوا دەکەین قەرەبومان بکەنەوە, داوا دەکەین و داوا دەکەینەوە......., کەچی لەملاوە کۆمەڵێکی دیکە لەناو خۆماندا, فەرمانڕەواو دەسترۆیشتوو قسەرۆیشتوو و گیرفان رۆیشتوو, چ ئەوانەی ماون یان ئەوانەی ئۆغریان کردووەو ژیانیان جێ هێشتووە, هەمان داواکاری دەیان گرێتەوە, ئەوەی تاوان بکات, تاوانبارە, تاوان و تاوانبار یەکتر تەواو دەکەن, سنوری جیاکاری نییە بۆ ئەوەی کەسێك تاوان بکات تاوانبار نەبێت, تەنانەت تاوانی مەزنیان ئەنجامداوە, مافی ژیانیان لە مرۆڤەکان بە تاك و بە کۆ لە دەرەوەی دادگا سەندۆتەوە, دیلیان بە پێچەوانەی رێکەوتنامەی جنێف لە بری پابەندی بە کۆمەڵ و تاك کوشتووە, قوماریان بە چارەنووسی هاووڵاتیانی سڤیلەوە کردووە, بە هەڵەکانیان گەلیان بەرەو جینۆسایدکردن و مەرگ بردووە, کەچی هەمان داواکاریی بەرەو رویان ناکەینەوە لەوەی داوای لێبورن بکەن لە قوربانییەکانیان, قسەی هەندێك لە تۆمەتباران هەندێك راستی تێدایە کە دەڵێن ئێمەش وەك ئەوان, لە روی یاساییەوە تاوان هەر یەکە کام بەرەی ناکۆك بیکات, سزا هەر سزایە, پێناسیش بۆ بکەر هەر یەکە, نابێت بە ئەندازەی تاڵە مویەك جیاوازی بکرێت, دادپەروەری لاسەنگ دەبێت, ئەوانیش لە لای خۆیانەوە پێشێلکاری زەقی مافی هاووڵاتیانی کوردستانن و پێویست دەکات لە سزا رزگاریان نەبێت, ئەگەر دەمانەوێت قەرەبووی قوربانیان بکەینەوە و ماف بگەڕێتەوە بۆ مەزلۆمان, یاداوەرییەکان وەك حەقیقەت تۆمار بکرێن, دادوەری پارچە پارچە ناکرێت, بەڵکە دادپەروەری

پاکێجێکی یەك جەستەیە و تاوانیش هەرکێیەك ئەنجامی دابێت سزای یەکەو ناسنامەی خاوەنەکەشی تاوانبارە, لە پلەو پۆست و ئینتماو زۆری هەوادار و پیاو چاکی و لێهاتووی و خۆشەویستی ئێستاو دەسەڵاتی تۆمەتبار, شەرم لە چەپڵەکان ناکات, یاسا بۆ هەمووانە بە یەکسانی و دەبێت هەموو ملکەچ بن بۆی, دەبێت لێکۆڵینەوە لە کۆی مەرگەسات و تاوانەکان بکرێت و هەموو بەرامبەر مێژوو بکرێنەوە, ئەدی ئێمە بە چ رویەکەوە ماف بە خۆمان بدەین داوا لە مرۆڤدۆستانی نەتەوەی سەردەست بکەین دان بە هەقیقەتی تاوانەکاندا بنێت, ئەگەر حەقیقەتی تاوانەکانی ئەوانەی خۆمان بشارینەوە, تاوان بە بنەماکان و یاساکان دەپێورێن, نەك بە کەسایەتی بکەر, تەنانەت دەبێت تاوان رێگری بکات لە دەسەڵات و هێزی کەسی بکەر.

لە ساڵی 2003 بۆ 2004 بۆ یەکەم خول کە تاڵەبانی بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق, بابەتێکم نووسی لەسەر ئەوەی سەرۆك داوای لێبوردن بکات لە گەلی کورد لە پای تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و تاوانەکانی دی,پێش ئەوەی ببێتە داواکاری رێکخراوەکان و جەماوەر, چۆن پێ هەڵشاخانێك بەرەو روم بونەوە, تەنانەت ویستیان پەلاماری جەستەیشم بدەن لە ئەوروپا, کە داوای لێبوردنکردن بۆتە نەرێتی باوی سیاسی, ئەمە لە کاتێکدا باسی تاوانەکانی خۆیان ئەو کات بڤە بوو, تەقدیس کردنی سەرکردە و بە موقەدەس کردنی هەڵەو تاوانەکان بۆ خۆی کارەساتبارترە لە تاوانەکانی دوژمنان, پێویستە بە یاسا سزای بۆ دابنرێت, نکۆڵیکردن دەروازەی ستەمکاری دەکاتە سەر پشت لە وڵات بۆ داهاتوو, تا رزگار نەبین لەو موقەدەسە رەنگاو رەنگانە, ئەوا کۆیلەداری بە زۆر رەنگ و جۆر دوبارە دەبنەوەو تاوان بەرهەم دەهێننەوە .

قەت سیاسیە دەسترۆیشتوەکانی ئەمرۆی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان ئەم داوایە ناکەن لە دەسەڵاتدارانی بەغدا, بۆ جارێکیش لەسەر مێزی گفتوگۆکانیان باسی لێوە نەکراوە, بگرە ئەوەی رقیان لێی ببێتەوە ئەم دەستەواژەو داواکاریانەیە, چونکە دەترسن پێیان بڵێن لە خۆتانەوە دەست پێبکەن, ئەمانە ستافێکی سیاسین زۆربەیان شارەزاییان لە یاساکان و جاڕنامە گەردونیەکانی مافی مرۆڤ هەیە, ئەوان دەزانن داوای لێبوردن کردن یانی چی؟, بۆچی؟, کەی و لە کوێ بەکار دێت؟, دەزانن دادگاییکردن یانی چی؟, چی بە دوادا دێت؟, دەزانن قەرەبوو کردنەوە چییە و بۆچی دەکرێتەوە؟, دەزانن یاداوەری و دەرخستنی راستیەکان و گەڕانە بە دوای مافدا, ئەوان دەزانن خۆیان چیان چاندووە؟, بۆیە ئارەزوویان لە دورینەوەی نییە, بەم حاڵەتەوە گەل لە کارەساتێکەوە بەردەوام بەرەو کارەساتی گەورەتر دەگوازنەوە.

ئەوان رۆژانە دەبینن لە سەر بڵاو کردنەوەی هەواڵێکی هەڵە لە پانتایی جیهان, داوای لێبوردن لە گوێگران و بینەران و خوێنەران و ماف پێشێلکراوان دەکرێت, دەزانن کە رێزلێنانێك بە هەڵە دەخوێنرێتەوە داوای لێبوردن دەکرێت, دەزانن وشەیەکی ناشرین بە یەکێك دەوترێت دادگا بەر دەرگایان لێدەگرێت, کەچی ئەمان لە رابردوودا تاوانی زۆر گەورەیان کردووە کەچی بێدەنگن, وەك ئەوەی مرۆڤایەتی لە دەیان ساڵی داهاتوو لە گۆڕیان دەر نەهێنێتەوەو دادگایان نەکاتەوە لە سەر رابردوو, وەك دادگاییکردنەکەی عەبدوالمەلیك بن مەروان, ئەبو العباسی سەفاح و تەنانەت کۆڵۆمبس و هەموو ئەوانەی پشکدار بوونە لە کۆیلەداری, دەزانن روداوێکی وەك جۆرج فلۆید هەموویان لە مێژوودا رادەماڵێت.... دەزانن ئەو تاوانانەی کردویانە قورس و نێونەتەوەین و تێپەڕبوونی کات و گۆڕینی شوێن هەر بە زیندویی دەیان دەهێڵێتەوە, کەمیش نین ئەو سیاسی و تۆمەتبارانەی دوای مردنیشیان مێژووە دروستکراوەکان و چەپڵەکان دادیان نادات و بە تاوانبار خراونەتەوە ناو مێژووەوە, دەزانن ئەوان خەڵکیان بێ دادگایی بەرەو مەرگ رەوانە کردووە, رێزیان لە پەیمانامەو پرۆتۆکۆڵە

جیهانیەکان تایبەت بە مرۆڤ و دیلەکانی جەنگ نەگرتووە, بە کۆمەڵ دیلیان لەسەر ناسنامەی سیاسی کوشتووە, خەڵکیان وەك قەڵغانی مرۆیی لە جەنگەکاندا بەکار هێناوە, بانکیان تاڵان کردووە, پێش سوپای وڵاتان کەوتوونەو هاووڵاتیانی سڤیلیان فڕێ داوەتە ناو جەهەنەمی جەنگەوە, شەڕی درێژ خایەنی ناوخۆییان هەڵگیرساندووەو بە بلۆك سەری دیلیان پان کردۆتەوەو بە تەور لە سەری زیندانیان داوە, سەدانیان بێ سەروشوێنکردووە, زمانی قسەکردن و پەنجەی نووسینیان بڕیوەتەوە, سامانی سەر زەمینی و ژێر زەمینیان تاڵان کردووە, منداڵ و نەوەکانیان کردووە بە دێوەزمەی داهاتوو ...... ئەرێ گەلۆ لە سەردەمی داوای لێبوردنەکان کە ئەمرۆ تیایدا دەژێین هەموو ئەوانە وەك ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی هەقی داوای لێبوردنکردنیان نییە؟؟, ئەرێ ئەوان مەزنترن یان پاپای ڤاتیکان هەر ڕۆژەی لەسەر کردارو بۆچونێکی موقەدەسی رابردوو داوای لێبوردن دەکات, کە بۆ خودی خۆشی ئەنجامیانی نەداوە, ئەو نەرێتانەی دوێنێ موقەدەس بوون, ئەمڕۆ پیرۆزییان لە دەست داوە, هەموو موقەدەسەکانی ئەمرۆش سبەینێ پیرۆزییەکانیان لە دەست دەدەن و ڕوی تاوانەکان هەڵدەماڵدرێن.

ڕاستە سیاسیەکان بە تایبەت کوردەکان خۆیان بە زیرەکترین و لێهاتوترین و نمونەی باڵا دەزانن, دەروێشەکانیشیان کە لە خەڵوەتدا خەریکی سەربادانن, سەربادان هەمیشە عەقڵ لە مرۆڤەکان وەردەگرێتەوە.

ئەگەر ئەوان ڕۆژانە داوای لێبوردن لە هاوسەرو مەعشوق و منداڵەکانی خۆیان لە بەرامبەر بچوکترین و بێبایەخترین شتدا دەکەن, ئەوا پێویستە لە بەرامبەر ئازارێکی قورس کە بە بەرامبەرەکان و بنەماڵەکانیانیان گەیاندووە داوای لێبوردن بکەن, ئیتر نهێنی نەبوونی بوونی نەرێتی ئاوا لە کۆمەڵگای ئێمە لەمڕۆدا ئاسایی بێت ئەوا بۆ سبەی کەماسییەکی گەورەیە, خاوەنەکانیان دادگایی دەکات ,

نهێنیەکانیان هەموو کات بە شاراوەیی نامێننەوە, گەلیش مافی خۆیەتی بێبەری نەکرێت لە زانینی ڕاستییەکان و گەیشتن بە دادپەروەری, نەخوازەلا بنەماڵەی قوربانیان.

تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا داوای لێبوردنی لەسەردەمی کۆیلەداری کرد لە ساڵی 2006, هەرچەندە نەك خۆی بەشدار نەبووە تیایدا, بگرە زیاتر لە 185 ساڵە لە وڵاتەکەی هەڵوەشاوەتەوە, غۆردن براون لە 2010 داوای لێبوردنی لە ناردنی دەیان هەزار منداڵی بەریتانی بە زۆر بۆ ئوسترالیاو نیوزلەندە کرد, دیڤید کامیرۆن داوای لێبوردنی لە قوربانیانی یاریەکەی ساڵی 1989ی هیلیسبیرۆ کرد, ئیبرام نیکۆڵن سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا داوای لێبوردنی لەسەر جەنگی ناوخۆیی کرد, ریتچارد نیکسۆن داوای لێبوردنی لە واتەر غێت کرد و بەو هۆکارە دەستیشی لەکار کێشایەوە, ریگان لەسەر ئێران گێت داوای لێبوردنی کرد, کیلنتۆن کە گەورە دەوڵەمەندانی وۆڵ ستریتی داوەتی کۆشکی سپی کرد بۆ کۆکرنەوەی بەخشش بۆ پارتی دیموکرات کە زانرا داوای لێبوردنی کرد, کیسنجەر لەسەر هاوکاری ئەمەریکا بە کودەتا چیبەکانی شیلی بە سەرۆکایەتی بینۆتشە داوای لێبوردنی کرد, کە تا ئێستا لە دادگای شیلی داواکراوە بە تۆمەتی هاوکاری کودەتا بەسەر حکومەتی چەپگەرای شیلی بە سەرۆکایەتی سیلفادۆر ئەلیندی, وەلێ ئامادەی دادگا نابێت, دیکلیرك و ماندێلا داوای لێبوردنیان کرد, دیکلیرك لەسەر سیاسەتی ئاپارتاید, ماندێلاش لە بەرامبەر ئەو بێتاوانانەی بونە قوربانی لەسەردەمی خەباتی چەکداری, کەچی خۆیان کۆتاییان بە ئاپارتایدو زەبروزەنگ هێنا,حکومەتی کەنەداو ئوسترالیا داوای لێبوردنیان لە کۆمەڵکوژی هاووڵاتیانی ڕەسەنی ئوسترالیاو کەنەدا کرد, بە گشتی سەردەمی ئێستا سەردەمی دادگایی سەرکردەکانە لەسەر تاوانەکانی ڕابردوو

و داوای لێبوردنیانە لەبەرامبەر پێشێلیە زەقەکان چ ئەوانەی خۆیان کردویانە یاخود بەهۆی دەسەڵاتەوە بۆیان ماوەتەوە.

سیاسییە دەستڕۆیشتوەکانی کوردیش مردووەکان فریا نەکەوتن و هەلەکەیان لەدەست چوو,ئەوانەی ماون پێش ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە گۆڕەکانیان دەریان بهێنن و دادگاییان بکەن, خۆیان دان بە راستیەکاندا بنێن و داوای لێبوردن بکەن و ئیعتیبار بۆ قوربانیەکانیان بگەڕێننەوەو زەرەر مەندان قەرەبوو بکەنەوەو رێز لە یاداوەریان بگرن و مۆنمێنتیان بۆ دروست بکەن و چیرۆکی تاوانەکان بکەنە ناو یاداوەرییانەوەو راستییەکان ئاشکرا بکەن.

دەبێت مێژوو وەك خۆی قەبوڵ بکەین, نەك وەك ئەوەی لە یاداوەری سیاسیەکان نوسراونەتەوە, نابێت راستیەکان بشێویێنرێت, هاشا لە تاوانەکان بکرێت, لادەرانی مێژوو تاسەر ناتوانن خۆڵ بکەنە چاوی راستیەکانەوە, هەر کەسێك هەڵەی کرد پێویستە دان بە هەڵەکەیدا بنێت و داوای لێبوردن بکات پلە و پۆستی هەرچیەك بێت و دەسەڵاتی سیاسی و مەعنەوی چەندە گەورە بێت,پێویستە بەرەو روی مێژوو ببینەوە لە هەموو کاتەکان ,پێویستە راستی بە گەل بوترێت, ئەم پێویستیانە هیچی لە لایەن سیاسیەکانی کوردەوە بە تایبەت دەسەڵاتدارانەوە جێ بەجێ نەکراوە, مێژوو هەر ئەو بەشە نییە ئەوان یاداشتیان کردووە, بەڵکە بەشە گەورەکەی لای قوربانیانە, ئەوەش لە داهاتوودا پشکنینی بۆ دەکرێت, مێژوو وەك هەر زانست بەردەوام لە گۆڕانە لە دوای گەیشتن بە حەقیقەتی نوێ.

پێویستە لە یاداوەری هەڵەبجەوە, لە هێنانی پاسدارو رێگا گرتن لە دەرباز بوونی خەڵك و تاڵانکردنی بانکەکەی تا تاڵان و بڕۆی قوربانیان و ..... دەست پێ بکرێت, لەم یادەدا هەموو بەشداربووان لەو مەرگە ساتە داوای لێبورن لە قوربانیان و شاری هەڵەبجە بکەن و قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکەنەوەو نهێنیە شارەوەکانی ئەو رۆژگارە ئاشکرا بکەن .

هەڵەبجە تاوانێکی هەتیووە, بێ باوکە, دەبێت بە باوکەکانی ئاشت بکرێتەوەو راستییە تاڵەکانی ئاشکرا بکرێن, هەموو ئەوانەی بەشێك بوونە لە تاوانەکە جارێکی دیکە بهێنرێنە بەردەم دادگاییکردن, هیچ بەهانەیەك بۆ راکردن لە رابردوو نییە, چونکە داهاتوو قەبوڵی ناکات.

پێویستە بە مێژوودا بچینەوە, هەڵەبجە ئازاد نەکرا, بگرە وێرانکرا, هێزی وێرنکەر پێویستە بەرەو روی دادگا بکرێتەوە.